خێرە وا ڕێت کەوتۆتە ئەم کۆتایی دنیایە!

شادان ئەحمەد
(فنلاند)

– خێرە وا ڕێت کەوتۆتە ئەم کۆتایی دنیایە؟ هەهەهەهەهە کەست بیر نەکەوتەوە من نەبێت بەم تاقی ئاسمانەوە، بڕوا ناکەیت ئەگەر بڵێم بە دوو سێ سەعاتی تر هەر بەسواری شەمەندەفەرێک ئەگەیتە بەستووی باکووری گۆی زەوی، ڕێک ئەو شوێنەی کە لە جوگرافیای پۆلی پێنجی سەرەتاییدا باسی ئەکات، شەش مانگ شەوەو شەش مانگ ڕۆژە، بڕواناکەیت ئەگەر بڵێم وەرزەکانی ساڵ هەر زستانە، زستانێکی سەوز و زستانێکی سپی.

خۆ نە پۆلی پێنجم خوێندووەو نە پیتێکیشم لەپاڵ پیتێکی زمانی کوردیدا بۆ دائەنرێت، هەر لە کوڕەکانی گەڕەکەوە هەموو قسەیەک فێربووم، هەموو چوونە مەکتەبی من لە پۆلی یەکی سەرەتایی، تەنها یەک هەفتە بوو، ڕێک گەیشتینە سەر دەرسی ئەوەی کە دارا دوو داری دوور دوور ببینێ، هەر ئەوەندەم زانی پەلم بە پەلی مامۆستای کوردییەوە بوو، بردمیەوە بۆ ماڵی خۆمان، دای لە تەقەی دەرگاکەمان، کە دایکم دەرگاکەی کردەوە ڕەنگی سپی بوو، مامۆستا بەسەر دایکما هاواری کرد وتی: بیخەرە مەکتەبی کوڕان، کچەکانی پۆلەکە لە تەنیشتییەوە دانانیشن، ناتوانم بۆ ئەو ڕحلەیەکیش تایبەت کەم، جێگامان نییە، ئەم ساڵ پۆلەکە بە چل تەڵەبە ئاخنراوە، نەشڵێیت هێشتا قسە فێر نەبووە، بەخوا بەقەد حەوت کەس قسە ئەزانێ، ئەوەی ئەیڵێ نایڵێتەوە، بیبە لە مەکتەبی کوڕان داخڵی کە.

دایکم لە خوای بوو مەکتەب دوو تاق بێت، ڕۆژ تا ئێوارە ئێمە لە ماڵ نەبین، ئێستا وا بۆی هاتمەوە، عەبای بەسەریدا دا و بردمی بۆ مەکتەبی کوڕان داخڵم کات، لە تەقەی دەرگای بەڕێوبەری مەکتەبەکەی دا، بەدەنگێکی پڕ لە پاڕانەوە، داوای لە بەڕێوەبەر کرد ئەگەر ئەکرێت، لای ئەوان بچمە مەکتەب، بەڕێوەبەر سەیرێکی تەسکەرەمی کردو وتی: جێگامان نییە، هەر لەوێدا ماتییەک دایکمی داگرت، کە باوکم نیوەڕۆ هاتەوە، ڕێک هەمووی بۆ گێڕایەوە، باوکم وتی: چارناچارە، چی بکەین کە لە مەکتەب وەری نەگرن با لە ماڵەوە بێت، هەرچەندە لە ناوەوەش باش ئەکوڵا، ئەوە خۆم بووم لە تەمەنی شەش ساڵیدا، لە نێوان دوو خوشک لە خۆم گەورەتر و دوو خوشک لە خۆم بچووکتر،

لەوەتای پێم گـــرتووە، بە دار و بەردا هەڵئـــەگـــەڕێم، هەمووی داد و بێدادیەتی لە دەستم، بە کەڵکی کۆڵان و شەڕە شەق نەبێ، هیـچی تر نایەم، دایکم بڕوای وا بوو داری مـامـۆستـا ئەمکات بە بەشـەر، بەڵام مـامـۆستـاش فریای ئەو دار وەشاندنە نەکەوت.

لەناو قـاوەخـانەکـەی بەرانبـەر دەرگـای چوونە دەرەوەی فرۆکـەخانە خـۆم ئەشـارمـەوە، جـار جار سـەرم دائەنوێنم، هەر وەک منـاڵی کـە خـەریکی چاوشـارکێ بووین، بۆ ئەوەی کە گەیشتیت بتبینم کە چۆن سەرت لێ ئەشێوێت، هەر بگەڕێیت و نەمدۆزیتەوە، تـا ناچاربی بڕۆیت بەدوای کـوشکێکی بچـووکـدا بگەڕێیت، تـا سـیـمـکارتێکی ئەم وڵاتە بـکڕیت، بۆ ئـەوەی تەلەفـۆنم بۆ بکـەیت، من لێـرەو لەوێ دوات کـەوم، هەر خـۆم دەرناخـەم تـا سـیـمـکارتەکـە ئەخـەیتـە سـەر تەلەفـۆنەکـە، ژمـارەکـەم لێ ئەدەیت، ئینجا گـوێت لە جـەرەسـی تەلەفـۆنەکـەی مـن ئەبێ، منیش هەر ڕێک لە پشت سـەرتەوە وەڵام ئەدەمـەوە، ئەڵێم خـێـرە وا نامبینیت، هەهههههە، کە یارییەکی خۆشە.

لە حـەوت سـاڵـیـدا بۆ ئەوەی سێ کـیـلۆمـەتـر بەدەوری مـاڵـەوەدا خولێک نەخـۆم و ئینجا بانەدەمـەوە بۆ مـاڵـەوە، نەبمە سـەرکـردەی منـاڵی گـەڕەک و ڕۆژی دوو سێ ژنی دراوسێ نەیەنە سـەر دایکم نەڵێن کـوڕە نـاشـرینە ڕەزا قـورسەکەت، سەری کوڕەکەمی شکاندووە، دایکم ئەرکی بازاڕ کـردنی بەمـن سـپـارد، هەر ڕۆژ ئەبـۆوە، دەیوت: بڕۆ دوو دەسک کەوەر و کەرەوز بێنە، بـا شـوێتێکیشی لەگەڵ بێت، منیش فـرک ڕام ئەکـرد فـرک ئەم هێنا، ئەوەتـا هێنام، هەر دوای پێنج دەقـە دیسـان ئەیوت: بڕۆ دوانزە کـولێرە بکڕە لەگەڵ دە سـەموون لە فرنەکەی سەرەوە، هەر لە بەیانییـەوە تا ئێـوارە ئاو بوەسـتایە مـن نەئەوەسـتـام، خـوشکەکـانیـشم هەر لە خـەیاڵاتا بوون، لە پڕ حـەزم لە هەلووکێن و هەڵماتێن کرد، یاخی بووم وتم: ناچم، یەک بازاڕیت بۆ ناکـەم، من ئەمـڕۆ هەر نان نـاخـۆم و برسـیم نیـیـە، حـەلی خـۆت بکە، یان بە بـاوکم بڵێ بـازاڕیت بۆ بکات، یان بەکچەکانت بڵێ بەردەستیت بکەن، بـا قـنیان زۆر پان نەبێت، تـازە تەمـەنم بووبوو بە هەشت سـاڵ کـە دایکم شـیـڕاندی وتی: هەمـوو نـەهامـەتی دامـاوی ئەم دنیـایە تـۆی، ئەوە گـرانیـشت هێنا، ئەو کـاتە هاوینی سـاڵی هەزار و نۆ سەت و نەوەت بوو.

من هەبم، یان نەبم گرانی هەر هاتووە!!!!!

دایکم وتی: ئیشی تۆم ناوێت، بەس وەرە لە مـاڵـەکەدا دانیشە، جـرێتێکم لێداو بۆی دەرچووم، دەرگـاکە داخرابوو ، بەسـەر دیوارەکـەدا سـەرکـەوتم، ڕێک بۆ کـۆڵان بۆ ناو یاری، هەر کە خۆم بە ناو یارییەکەدا کرد وتم: خۆم بەگم، ئەوەی ڕازیش نیـیـە بە دەمی سـووڕکـراوەوە بۆ مـاڵـەوە ئەینێـرمـەوە، ئای لە کـوڕانی گـەڕەک چەند ڕقـیـان لێم ئەبۆوە، حـــەزیان ئەکـــرد هەلا بەهـەلام کـــەن و لە تووڕەکـەیەکـدا بمدەنەوە دەست دایکم، بەڵام یەک یەک دەرەقەتم نەئەهاتن. تا ڕۆژێک ڕێکەوتبوون لەسەر ئەوەی گەلەکۆمەکێم لێ بکەن و دەرسم دابەن، شەش حەوتێک لە کوڕە هەرە هارەکانی گەڕەک بۆم هاتن، شوولکی تەڕی پاییـزیان پێ بوو، لە سـووچێکدا بە گـڕیان هێنام، هێـز نەبوو لە دەسـتیـان دەرم بێنێت، من بڕیاری خـۆمم دابوو، پەلاماریان ئەدەم هەر بە شەق و زللە تێیان بەرئەبم، ئیتر یان مان، یان نەمان، لەو کاتەدا کوڕەکەی دراوسێمان کە ڕێک مـاڵـیـان بەرانبـەرمـان بوو، گـەیشـتـە بەردەمم، ئەو کاتە ئەو دە سالآن بوو، دوو سێ شتی چپان بە گوێیاندا، ئەوانی تەواو خـاو کردەوە، کـوڕەکان لێـیـان داو ڕۆیشتن، ئەو ڕۆژە هەستم بە بەزینێکی زۆر کرد.

لە شـاشـەکـە ئەنووسـرێت، گـەشـتـی فـرانکفـۆرت/ هێلسـینکی نیو سـەعـات دوا ئەکـەوێت، هەناسـەم سـارد ئەبێتـەوە، یـاریـیـەکـەی منیش دوا ئەکـەوێت، حـەزم لە بێ چاوییـە نەک چاوەڕوانی، ئەوەتای هەم خـۆم فـڕێ ئەدەم، ناشمـەوێت خـۆم بگرمـەوە، ئیـتر چـۆن ئێسـتـا تاقـەتی ئەم چاوەڕوانییـەم هەبێت، نیـو کـاتژمـێـر، زۆرە، ئەچمـە دەرەوەی هۆڵـی چاوەڕوانییـەکـە، جگـەرەیەک ئەکـێـشم، سـەیری ئەو خەڵکە ئەکـەم، هەمـووی بەپەلە و بە شپـرزەیی لـە پاس و تـەکـــــسـی دائەبـەزن، هـەر وەک ئەوەی لـە سـەفەرەکـەیان دوا کەوتبن هەرچەندە دوو سێ سـەعاتیشی مـاوە کە تـەیارەکـەیان بفـڕێت، چێژ لەو ڕاکە ڕاکە ئەبینم، بە ئـارامـبـوونـەوە و دانیـشتن و ڕاوەسـتـان گـیـانم خـاو ئەبێتـەوە.

هەر ئەو کاتە بەسـەر تەبـاری ستـارەی سـەربانەکەدا قۆڵم بڵاو کـــردبۆوە و ئەهـاتم و ئەچـووم، دایکم و بـاوکم لە حـەوشـەکـەدا خـەریکی نـەوت ڕۆکـردن بـوون، سـەرێکیـان بەرز کـردەوە و هیـچیـان نـەوت، تـازە ژیـانی منیـان دابووە دەست قـەدەرێک کـە ئەوان دەرەقـەتی نەئەهاتن، هەر ئەو ئێـوارەیەش کـوڕی دراوسـێکەمـان لاسـایی منی کـردەوە بەسـەر تەبـاری سـتـارەی سـەربانەکەدا ڕۆیشـتبـوو، ڕێک و ڕاست بۆ خوارەوە شڵپەی هاتبوو، کەوتبووە سەر کۆنرێتی حـەوشـەکـەیان، هەردوو قـاچی شکابوو، دایکم ئەو ڕۆژانە زۆر مـەراقی کـردبوو، وا نـۆ سـاڵـی تەمـەنم تـەواو کـرد، کەچی هەر ئەڵێی ماخۆڵانم.

دوای ئەو گـەلەکۆمەکێـیـەی کـوڕانی گـەڕەک، بڕیارم دا هەر بەسـەربانەکـانەوە بم، ئیـتر نەچمـە کـۆڵان و لەگـەڵـیان یاری نەکـەم، سـەربانـەو سـەربان بۆی بڕۆم و جار جـار کـە

حەزم لە یاری ئەکرد، ئەچوومە گەڕەکەکانی ئەوسەر، ئێوارەیەکیان ئەم سەربان و ئەو سەربانم بوو، کە ئەو کوڕەی ڕۆژە ڕەشەکە لەسەری کردبوومەوە، ئیشارەتی بۆ کردم کە بچم بۆ لای بۆ سەرەبانەکەی مالّی ئەوان، منیش پزووی شڕوالّەکەم چاک کرد و دەستێکم بە قژمدا هێنا بۆی چوومە خوارەوە، بەگەڕەکدا تێپەڕیم، ئەوە یەکەم جارم بوو لە تەقەی دەرگای مالێک بدەم، ئەویش جوان هات دەرگای لێ کردمەوە، دوای سلاّو بە ڕێکوپێکی دوای کەوتم بەحەوشەکەیاندا ڕۆیشتم، ئینجا بەقادرمەکاندا سەرکەوتم بۆ سەربان، لەوێ بینیم تایەیەکی ڕەشی گەورەی تەراکتۆری دانابوو، وتی دانیشە، لەسەر لایەکی تایەکە دانیشتم، قاچم خستە ناو تایەکە، ئەویش بەرانبەرم دانیشت و قاچی خستە ناو تایەکە، دەستی ڕاستی هێنا، وتی من ناوم شێروانە ئەی تۆ ناوت چییە؟ منیش دەستم برد بۆ ئەوەی تەوقەکەی وەلاّم بدەمەوە، لەجێی خۆم وشک بووم، ئاخر تا ئەو کاتە کەس نەناوی هێنابووم نەکەسیش پرسیاری کردبووم ناوت چییە، تەنیا لە مالّەوە دایکم ئەیوت تیلە، منیش ڕێک و ڕاست وتم تیلە، وتی: ئەی ناوە ڕاستییەکەی خۆت چییە؟ ئیتر قەیرێک بێ دەنگ بووم.

کۆمەلێک ڕەسمی لە ناوەوەی تایەکە دەرهێنا لەنێوانماندا دابەشی کرد، ئینجا کەوتینە یاری ڕەسمێنە، بە ڕەسمی یاریزان و ئەکتەری موهیم موهیم، کە لێی ئەبردمەوە، ئەیوت حساب نییە، کە ئەمبردەوە، ئەیوت کارتەکان بۆ خۆت، دوای یەک دوو سەعات یاری کردن، بەکۆمەلێک کارتەوە لە قادرمەکانەوە هاتمە خوارەوەو هەر لەبەر دەرگاوە دەستێکی خوا حافیزەم لێ بەرزکردەوە.

هەستێکی سەیرو تایبەت بوو، نەمئەزانی چ ناوێکی لێ بنێم، بەلاّم بۆ یەکەم جار بوو هەستم بە ئارامی و میهرەبانی کرد، دوای ئەوە شێروان بوو بە چیرۆکیکی گێڕاوە لە ژیانمدا، ئەم تەیارە نەعلەتییە نەگەیشت، سەبرم سووا بەدیار سەیرکردنی ئەم شاشەیەوە، ئەرەوەلاّ ئەلّێ فرۆکەکە کەوتە حالّەتی دابەزینەوە، کەوا بێت هەر ئەگات.

خوشکە گەورەکەم تازە بە هەزار حالّ سێی ناوەندی تەواو کردبوو، ئیتر دایکم ئەیوت، کچ و مالّ و مێردیان وتووە، تا زوو شوو بکات باشە، هەر لەبەر دەرگا کەین و بەینی لەگەلّ باجی مەنیجەکەی گەڕەکی ئەودیو تەواو کردبوو، دابووی بە کوڕە گێلەکەی ئەو، ئیتر ئەو ئێوارەیە بوو بە شەکراو خواردنەوە، منیش لەگەلّ منالّی گەڕەک لەسەر قەراغی دیوارەکەوە سەیری ئەو ئاهەنگ و هەراو هۆریایەی مالّی خۆمانم ئەکرد، بێ ئەوەی یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەم خولّقێکم بکات و بلّێ وەرە بەشداری بکە خوشکەکەت شوو ئەکات، پیبسییەک، یان پاقلاوەیەک بخۆ، من هەرگیز سەر بە مالّەوە نەبووم، تەنیا بە دەوروبەری مالّەوە بووم.

هەر ئەو ئێوارەیە درەنگانێک لە کۆتایی ئاهەنگ گێڕانەکەدا، من ڕۆیشتم سەرێکم لە کۆلاّنێکی سەرەوەدا دا بۆ بینینی دوو سێ برادەری تازەم، کە گەڕامەوە گەیشتمە سەری گەڕەک دنیا تەواو تاریک بووبوو کە ڕوانیم هێشتا بەردەمی مالّمان هەر قەرەبالّغە، منیش وتم قەیرێک لێرە چاوەڕێ ئەکەم تا میوانەکان ئەڕۆن، بەلاّم هەر خەلّکم ئەبینی خێرا خێرا بەتەکسییەوە ئەگەیشتنە بەر دەرگای مالّمان، وتم: نا ئەمە لە شەکراو خواردنەوە زیاترە، کە گەیشتمە بەر دەرگا بینیم لاشەی باوکم لەسەر بەتانییەک بەدەست چوار ئامۆزامەوەیە بۆ ناو تۆیتایەکی پشت بەتالّی ئەبەن، کە تەواو چوومە پێشەوە، تێگەیشتم ئەو ئێوارەیە باوکم لەسەر نانخواردن ملی بەلادا هاتووە، فریای قومێک ئاویش نەکەوتوون بیکەن بەدەمییەوە، دوو سێ ژنی گەڕەک کە لەبەر دەرگاکەمان بوون، ئەیانوت: بەخوا لەوە ئەچێت شەپلّە لێی دابێت.

ئەوە تەیارەکەت تایەکانی بەئەرزا خشان، دوو سێ دەقەی تری بەسە خۆت بکەی بەدەرەوەی ترانزێتدا، بەلاّم بۆ تۆ کە بیر لە هەموو شت ئەکەیتەوە، هاتنە دەرەوەیەکیشت لە ترانزێت دوو سێ سەعاتی ئەوێت.

تازە سەرم بە یانزە سالّییەوە نابوو، ڕۆژانە سەرم لە ناو بازاڕی گەورە ئەدا و خەریک بوو کونوقوژبنی شارەزا ئەبووم، باش لە خۆم تێ گەیشتبووم، باکم بەوە نەبوو پێست هەلّقرچاوی ڕەش هەلّگەڕاوی وشکەوەبوو بم، بیرۆ هەموو دەم و چاومی داوەشاندبێت، پێستم لەسەر ئێسقانم بێت، وشک و ڕەقەلّە بم، لە مەکتەب نەبم و نەزانم پیتێک لە تەنیشت پیتێک ڕیز کەم، ئەوەی بەلامەوە گرنگ و خۆش بوو، گەڕانی ناو قەیسری و کۆنە فرۆشەکانی بازاڕ بوو، ئینجا سەرێکی ناو بازاڕی جگەرە فرۆشەکان بدەم، هاتوهاواری عەرەبانە بەدەستەکان، بێنەو بەردەی گرانی و بینینی تەشتە ئێسقانی بێ گۆشت بوو لەسەر سینی، ڕاکەڕاکی پۆلیسی ئابووری بە تێلایەکەوە بەدوای دەست فرۆشەکاندا.

ڕۆژێک غیرەت گرتمی و وتم ئەچم لەناو بازاڕ ئاو ئەفرۆشم، دەست مایەشم ناوێ، دایکم وتی بەخوا چواریشی بدەیت بە دیناریک کەس نایکڕێت ڕۆلّە، بەم گرانییە خەلّک هەمووی لە مالّەوە ئاو ئەخواتەوە، وتم

کەوابێت عەلاگە ئەفرۆشم، ئیتر چەند پارەیەکم لە دایکم قەرز کرد و بەو دوانزە ساڵییەی تەمەنمەوە لەناو جەرگەی بازاڕدا بوومە عەلاگە فرۆش، هەر تەواو ڕزگارم بوو نیوەڕۆیان تەماتە و باینجانی سوورەکراو لەگەڵ خوشکەکانم بخۆم، لەبازاڕدا وردە وردە ئەبوومە سەرکردەی منااڵە دەستفرۆشەکان، ناوی خۆم نابوو هێرش، لەو هەراوهۆریایەدا کۆمەڵێک عەلاگە فرۆشی ترم لە خۆم کۆکردبۆوە، دووان سێیانێکیان کوڕی گەرەک بوون، هەموویانم دابەش کردبوو، کەس نەبوو بوێرێت لەو ناوچەیەی ئێمە نزیک بێتەوە، باڵای باشم کردبوو، ڕەق و درێژ، ڕەشتااڵە، قژم جوان هەڵپاچیبوو، بە قەمیسێکی ڕەش و شەروااڵێکەوە، ئیش هەر لە خۆم ئەهات، دوو سێ ساڵ خەریکی ئەو کارە بووم، لەو ماوانەدا فێری برادەرایەتی بووبووم و جنێوی بەلەزەتم ئەدا، کە ئەهاتمەوە ماندوو و مردوو بە دوانزە کولێرەی بازاڕەوە، کۆڵێک لە مااڵەوە ڕێزم لێ ئەگیرا، خوشکەکانیشم هەموو هاوینیان بە دروستکردنی دۆشاوی تەماتەو وشک کردنەوەی تووکڵە باینجان و کولەکەوە بەسەر ئەبرد، زستانیشیان بە چوونە مەکتەب، دایکم ئەو ماوانە زۆر کز و بێ تاقەت ئەهاتە بەرچاوم، سەر تەنوورەو تەنووری ئەکرد بۆ ئەوەی پێش ئەم یەکێک نانی کردبێت، ئەمیش دوای ئەو پێویستی بە داری زۆر نەبێت، نانەکەی بکات.

شێروان ئەوکات چووبۆوە ئامادەیی پیشەسازی، چەند جارێک لە شەودا یەکترمان ئەبینی، باسی کاروباری ناو بازاڕم بۆ ئەکرد، بەاڵم بۆ ئەو کارێکی سەخت و دژوار بوو، هەر دوای مەکتەب خەریکی گوڵەبەڕۆژە برژاندن بوو بۆ دوکانەکانی دەوروبەری گەرەک، بۆی دەکردن بەلوولە و پێی ئەفرۆشتنەوە.

– نەگەیشتی؟ بۆ؟ جانتاکەت لێ ون بووە؟ پێم وتیت جانتا لەگەڵ خۆت مەهێنە ، هیچت بۆ نادۆزرێتەوە، تۆ هەمیشە سەربانت گرتبوو، تەنیا بۆ مەکتەب ئەهاتیتە دەرەوەی ماڵ، نازانم بۆ لەناو ئەو هەموو کوڕە هاروهاجەی گەرەکدا تۆ وا دەرچوویت، بێ دەنگ و ئارام و سەنگین، هەی نەگبەتی بێ بەش، ئەوە لە شاشەکەدا نووسراوە، نیو سەعاتە تەیارەکەتان نیشتۆتەوە، کەچی لە هیچ کونێکەوە دیار نیت، ئەمە سێیەمین قاوەیە ئەیخۆمەوە تۆ هەر دەرنەکەوتی.

ئەو ڕۆژە دەمەو ئێوارەیەکی زوو لە ئیش بوومەوە، بەپێ لە بازاڕەوە ئەگەڕامەوە بۆ مااڵەوە، سەیرم کرد دایکم تەشتێ هەویری پێیە بەردەو تەنوورەکەی خوار گەرەکی ئەبات، بەدوای کەوتم، وتم: خەمت نەبێت یارمەتیت ئەدەم، وتی جا کوا ئەزانی نان بکەیت؟ وتم: با، ئیتر هەر کە گەیشتینە سەر تەنوورەکە، ئەکەوتە پانکردنەوەی نانەکان، منیش لێکدا لێکدا بۆم بە تەنوورەکەوە ئەدا و جار جاریش بۆم لێ ئەکردەوە، دایکم سەری سوڕما، وتی: ئەوە لەکوێوە فێری نانەوایی بوویت؟ پێم وت جار جار بەدەم عەلاگە فرۆشتنەوە شاگردی و بەردەستی نانەواخانەکان ئەکەم، نانەکەمان هەر زوو تەواو کرد، یەکەم جار بوو دایکم دیقەتێکی قوواڵی لە سیمام دا، تا ئەو کاتە قەت ئەوەندە ئارام نەبووبوومەوە تا کەس بتوانێت ڕوخسارم بەباشی ببینێت، دڵی پڕ بوو، فرمێسک بەچاوەکانیدا هاتنە خوارەوە، وتی: ڕۆڵە بۆیە هەموو برۆ و برژانگ و قژت هەڵکڕووزاون، خۆزگە تۆش وەک کچەکانی تر وا بوویتایە، چش جێگری نان خۆر بوویتایە، نەک کەس نەزانێت کە تۆ چیت و بۆ وای، نازانم چیت لێ بکەم، خەفەتت لە کوێ هەڵڕێژم.

خەریک بوو بوەستم و بیر بکەمەوە، فرمێسکەکانی دایکم تاسیری قووڵم تێ بکەن، فێری خەفەت خواردن ببم، خێرا هاتەوە بیرم بەس ئەم شەو بڕوات، بەیانی ئەکەومەوە ناو بازاڕ و نانەواخانە و ئیش و بەرسینەماکان، پەیاکردنی پارەی ڕۆژێکیش لە خۆی ئاسانتر نییە، نیوەڕۆش لەفەیەکی سەر عەرەبانەکەی مامە حەمە، هەرچی میکرۆبی ناو گیانە ئەیشواتەوە، گرنگ ئەوەیە خوا ڕەحمت پێ بکات و لەم ترانزێتی فرۆکەخانەیە دەرچیت و گیر نەخۆیت و ون نەبیت، ئەگەر تا تۆزێکی تریش نەگەیت، ئەزانم کە هەر نەهاتوویت و قەتیش ناگەیت.

چوار پێنج ساڵ ئەبوو لەناو بازاڕ خەریکی کاسبی بووم، هەموو جۆرە ژیانێکی دڵڕەقانەم تاقی کردبۆوە، هەرچی کچەکانی تەمەنی خۆشم بوون، تەواو خەپەو قن پان و پڕ باخەڵ لەمەمک بوون، خەریک بوو بە شوو ئەدران، کوڕەکانیش خەریک بوو ورده وردە سەرو سمێڵیان ئەتاشی، لە عەلاگە فرۆشەوە ئەبوون بە حەمااڵ، هەر خۆم بووم لە خۆم ئەچووم بنێس و باریک، هەرچەندە ساڵێ جارێک فریای بەر ئاوێنە نەئەکەوتم، بەاڵم جار جار وێنەی خۆمم لە جامخانەی ئەو دوکان و بازاڕانەدا ئەبینی کە بەلایاندا تێ ئەپەڕیم، چ خۆمێک!!!!! هەهەهەهەهەهە بەم شەروااڵە ڕەش و قەمیسە خەت خەتەوە کەس لە خۆم کوڕتر نەبوو.

ماوەک بوو ژانێک بەناو سکمدا ئەهات و ئەیدام بە ئەرزدا، هیچ لەخۆم تێ نەئەگەیشتم، سەرو سنگم خڕ بووبوون و لێیدابوومە ئازار و خوورو، خوا نەکات بەم گرانییە بکەومە ناو جێگا، هەر ئەو کاتیش باسوخواسی

ڕۆیشتن و گەیشتن بە هەندەران هەموو خەیاڵمی داگیر کردبوو، ناو بازاڕ تا ڕادەیەک چۆڵ بووبوو لە کۆڕی گەنج، منیش خەریکی پلاندانان بووم لەگەڵ دوو سێ برادەری گیانی بەگیانی ناو بازاڕمدا، دووسێ جار ئەم مەسەلەیەم بۆ شێروانیش باس کردبوو کە سەری خۆمان هەڵگرین و خۆمان بکەین بەودیو سنووردا، بەڵام ئەو هەر بێ دەنگ بوو.

لەو ماوەیەشدا بێ ئاگا لە خۆم، هەستم ئەکرد شتێک لەناومدا بە ئارەزوو خۆی ئەگۆڕێت، هەر لە خۆمەوە خەیاڵ ئەکەم، خەیاڵی سەیروسەمەرە، ئەو ئێوارەیەش لە ماڵەوە بووم لە تاو ئازاری سکم، هەستام چووم جگەرەیەک بکڕم لە دووکانەکەی سەر جادەکە، گەیشتمە بەر دەرگای ماڵەوەمان، ئەوکاتەش شێروان لە دەرگای ماڵەوەیان هاتە دەرەوە، ڕێک و ڕاست سەیری کردم بە نیگایەکی جیاواز، سەیر بوو دڵم خورپەی کرد، لەپڕ هەستم بە گەرمییەک کرد بە بەینی قاچەکانمدا هاتە خوارەوە، ویستم بڕۆم نەمتوانی، هێزم لەبەر بڕا، ئازارێک سەرتاپامی داگرت، ناچار گەڕامەوە ماڵەوە، لە ماڵەوەش حەشر بوو، شەو ئەهاتن بۆ داواکردنی ئەو خوشکەم کە سااڵێک لە خۆم منااڵتر بوو، تازە سێی ناوەندی تەواو کردبوو، دوێنێ پێی نابووە شانزە ساڵەوە، ویستم بڕۆم و ئەو شەوە هەر نەیەمەوە، بەڵام وا ئازار ڕێی پێ گرتووم، خۆم کرد بە سەرئاوەکەدا بزانم چی قەوماوە، ئەو گەرمییە چییە پیامدا دێتە خوارەوە، کە سەیرم کرد، گشت گیانم بووە بە خوێنێکی گەشی ئاڵ، ئیتر زانیم کە چ کارەساتێک لە ژیانی مندا قەوماوە، ئەوە مانگانەیەکە هەر بەبێ باک لە ژیانمدا دەستی پێ کرد! بەم درەنگ وەختی تەمەنە، دایکم پێی ئەوت عوزر شتن، هەر ئەو شەوە بەو ئازارەوە خەیاڵی چوون بۆ هاندەرانم کرد بە واقیع، ڕۆژی دوایی پێش بانگی بەیانی خۆم و برادەرەکانم بۆ ڕێگەی هات و نەهات دەرچووین، هەرچەندە دایکم تا سەرجادەکە ڕای کرد بەدوامدا، بە هاوار هاوار وتی نەڕۆی، بەڵام من خۆم هەڵدایە تەکسییەوەو بۆی دەرچووم.

بەر لە حەوت ساڵ و پێش چوونە ناو ساڵی دوو هەزار، ڕێگەی سەختی هەندەرانم گرتە بەر، هەر کە گەیشتینە سنووری وڵات، دەیان کۆڕی گەنجی تر لە چاوەڕوانی قاچاخچیدا بوون، کە سەیرم کرد شێروانی دراوسێمانم بینییەوە لەو سەرەوە وەستا بوو، وەک ئەوەی لە سەرەی نانەواخانەدا بێت، تۆ بڵێی بەو نیگایەی دوێنێ ئێوارەی ویستی نهێنییەکم پێ بڵێت، فریاکەوتم هێنام تێکەڵی برادەرەکانی خۆمانم کرد، ئێمە دڵنیا بووین هەموو شتێک بۆ ئێمە مەیسەرە، ئەو قاچاخچییەی کە وەعدی داوە بمانبات، کاتی خۆی ئەویش بەرەڵاڵی ناو بازاڕەکان بووە، خاتری خۆم و برادەرەکانمی زۆر ئەویست، ئەو چێشتەنگاوە لەهەمان وەجبەدا من و شێروان بەڕێ کەوتین، وچان وچان و شارەو شار و وڵات بە وڵات ڕۆیشتین، زۆرێک لە شەوانمان لەناو باخچەی گشتی ئێرەو ئەوێ کردەوە، تا دوا کاتەکانی سەفەرەکە هەر بەیەکەوە بووین، هەرچەندە بەدەست بێ دەسەاڵتییەکەوە گیرم خواردبوو، بەڵام ئەو باشترین هاوڕێ و هاوسەفەرم بوو، بەداخەوە بەبێ ویستی خۆمان لە سنووری ئەوروپادا کەوتینە دوو لۆری جیاوە، کە هەر یەکێکیان بەرەو وڵاتێکی نادیار بەڕێ کەوت و هەر لە دوو وڵاتی جیاش ڕۆی کردین.

لە دوای شەش مانگ بەبێ هیچ بەڵگەنامەیەکی کەسێتی گەیشتمە جێگای مەبەست.

ناوت: شیالن

تەمەنت: ١٨ ساڵ

ڕەگەزت: ئافرەت

بۆ یەکەم جار چوومە مەکتەب و فێربووم پیتێک لە تەنیشت پیتێکی دانیم وشەیەکی لێ دروست کەم، دەست بە نووسین و خوێندنەوە بکەم، لەو ڕۆژەوەش کە گەیشتم وەک خۆم جلم لەبەر ئەکرد و هەر وەک خۆشم کەوتمە نامە نووسین بۆ دایکم و خوشکەکانم، ژیانم ئەم جارە لە ماڵەوە دەست پێ کرد، نەک لەسەر جادەو ناو بازاڕەکانەوە، ساڵ هات و ڕۆیشت، فێری ئەم ژیانە بووم، ڕۆژێک لە کار گەڕابوومەوە، نامەیەکم لە ئینبۆکسی ئیمێڵەکەم بۆ بەجێ هێڵرابوو، کە سەیرم کرد شێروان نامەیەکی هەزار وشەیی بۆ نووسیبووم، شێروانی دراوسێ و هاوڕێم، ئینجا زانیم کە ئەو کەوتۆتە وڵاتی ئەڵمانیا، حەوت ساڵە بەدوامدا دنیای پەیت کردووە، تا ئەم ئیمێڵەمی دۆزیوەتەوە، منیش وەاڵمم دایەوە وتم: وەرە چاوەڕێتم، ئەوەش ژمارەی مۆبەکەمە، ئەویش هەر لەو یەک دوو ڕۆژەدا بلیتی کڕی و کەوتە ڕێ، ئەوە دەرگای چوونە دەرەوەی فڕۆکەخانەکە کرایەوە، ئەرەوەڵاڵ خۆیەتی، لە کۆتایی بیستەکانی تەمەنیەتی، خۆیەتی بەرەو ڕووم دێت، نا چاوەکانی وەک جاران پڕ نین لە شەرم، وا بۆم ئەگەڕێت، دڵنیام کە نامناسێتەوە، ئەوە منم لەبەردەمیم کە خۆمم لێ نەشاردۆتەوە، بەڵام دیارە سیمایەکی تەواو گۆڕاوم لەو دیو سنوورەوە.

هێلسینکی/ ٢٠١٤